# پێگەی موعارەزە لە ئایندەی کوردستاندا

محەمەد نەسروڵڵا هەورامانی

ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگا مەدەنییەکانی جیهاندا ئومێد و پێگەی ئەکتیڤی خۆی هەیە و لە کاتی لادانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئامانجە باڵاکانی گەل و پێشێلکاریی سەروەریی وڵات و بوونی دیاردەی گەندەڵی و کەمتەرخەمیی حکومەت لە پرسەکانی چارەنووسسازەکانیشدا، کۆمەڵگا و جەماوەر وەختێك پەتی هیوایان بە حکومەتەوە دەپچڕێت، دەگەڕێنەوە بۆ رۆڵی هێزە موعارەزەکان و لە دەرگای بەدیلەکانی چارەسەر دەدەن بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لە چەندین وڵاتی دونیادا هێزەکانی فشاری سەر دەسەڵات لە قوتابیان و رێکخراوەکانی مەدەنی و ماڤی مرۆڤ و هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە یەکلاکردنەوەی چەندین کێشەی بنبەست و ئاڵۆزکاری ناو حکومەتەکانیان ئەوان دەوری چارەسەر و ئاراستەکردن و برێ جاریش وەلانانی حیزبی و دەسەڵاتدار و لەکارخستنی سەرۆکی وڵاتیان بینیوە، تا ئێرە وابزانم شتێکی ئاسایی بێت وەك بواری قسە و زانیاری، بەڵام لەمەڕ کوردستانەکەی خۆمان لە زەمینەی پراکتیکدا هێشتا زەویی بۆ نەکێڵراوە و بگرە ئیفرازی زەوی ئاواش لە خەیاڵدا نییە!! لەگەڵ پیرۆزباییمان لە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان و خواستنی هیوا بۆی، کە حکومەتێك بێت ئەوەندە شەفاف و راستاڵ و راست رەوان و دادپەروەر بێت کە ئیتر پێویست بە موعارەزەی دەرەوەی حکومەت نەکات و لە ئاست داواکارییەکانی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بێت، بەڵام ئەستەمە حکومەتی لەم جۆرە بەتایبەتی لە جیهانی سێ و عێراقە دارِماوەکەی ئێمەدا بتوانێت بۆ سەد ساڵی تریش قبوڵی دووگۆڵیی سیاسی و دیموکراسی بکات، مەترسی لێرەدایە  کە ئیتر ئێمە لێگەڕێین و هەوڵ نەدەین ئەزموونەکەمان پەروەردە بکەین و لە گۆڕەپاندا راهێنانی پێ بکەین، ناکرێ هەر پشت بە راهێنان و بۆچوون و تەوافوقاتە کۆنەکان ببەستین، هەر هێزێك گەر شێوازی خۆنوێکردنەوە و راهێنانی سەردەمانە پەیڕە و نەکات، ئەوە هەر زوو جاڕی فەشەلی خۆی داوە لە بەردەم دۆست و نەیارەکانیدا.

یەکێك لە ساناترین و بنەڕەتیترین خەسڵەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەوەیە کە لەسەر جیاوازی و فرە بۆچوونی دروست کراون، ناکرێ ئێمە هەموو ئاواز و بۆچوونەکان لە یەك ئاواز و بۆچووندا کۆ بکەینەوە، ناکرێ هەست و ئەزموون و توانا جیاکانی کەسانی تر لە خۆماندا بکوژین.. هەر وەك چۆن ناکرێ ئاوی هەموو دەریاکان و رووبارەکان لە یەك دەریا و رووباردا کۆ بکەینەوە، وەگەرنا ئاو سەرکەش دەبێت و جیهانی وشکانی داگیر دەکات.

جیهانی فرەیی و جیاوازییەکان و بوونی چەند ئەزموونێك بۆ خزمەتی یەك ئامانج، هەروا وەك دیاردەی فرەیی لە سروشت و گەردووندا هەیە، لە بواری کۆمەڵایەتیشدا وڵاتانی دونیا لەگەڵ ئەو فرەییەی کە هەیانە بە ژیرمەندیی خۆیان توانیویانە یاساکانی پێکەوەژیان لە دۆخی فرەییدا کەشف بکەن و دواتریش بیخەنە بواری پراکتیکەوە.

ئەمەی کە لە کوردستان لە (5/6)دا روویدا، هیزێکی سیاسیی لە دەرەوەی حکومەتدا نەهێشتەوە بە عینوانی موعارەزەی فەرمی، هەموو هێزە جیاوازەکانی ناو گۆڕەپانی کوردستانی هەڵمژی لەم کابینەی پێنجەمەدا، کە دەکرێ ئەم دەستەجەمعییە لە بەشداریی حکومەتدا هەندێك خاڵی باشی لەخۆ گرتبێت، لەوانە (دامەزراندنی حکومەتی بنکەفراوان دوای دوولەتبوون، خوێندنەوەی هەموو هێزەکانی تر، راهێنانی هێزەکانی تر بۆ حکومەتداری، بەئاگابوون لە ماکی گەندەڵی لە نزیکەوە، کێبڕکێکردن بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیی کوردستانی، بەهێزبوونی حکومەتی فیدراڵیی کوردستان لە عێراق و دەوروبەردا، قبوڵکردنی دوو حیزبی گەورە لە ئاییندە لە حکومەتداریدا کە یەکێکیان موعارزە بێت، گوزەراندنی تونێلی تەوافوقات لە کوردستان و عێراقدا) هەروەها لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم هەڵمژینە فراوانە دەکرێ لەم خاڵانەدا بن:

1- باوەڕنەبوون بە ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی حکومەتدا.

2- لاوازکردنی ئەو هێزانەی کە ئومێدی موعارەزەبوونیان لێ دەکرێ.

3- پۆست و وەزارەتە گرنگەکانی حکومەت قۆرخ کراون بۆ پارتی و یەکێتی.

4- حیزبەکانی غەیری پارتی و یەکێتی بە پێی بارستایی خۆیان حسابیان بۆ نەکراوە لە پێدانی وەزارەت و پۆستی تری گرنگدا.

5- بەشداری پێکردنی هێزەکانی غەیری پارتی و یەکێتی لە گەندەڵی و بەفیڕۆدانی پارە و سامانی خەڵکیدا و پاشان لەدەستدانی میسداقیەتی چاکسازییان، بە تۆمەتی ئەوەی کە ئێوەش بەشێکن لە دەسەڵات.

6- جێگربوونی ئەم مۆدێلە لە حکومەتداری لە کوردستان.

7- لاوازبوونی دوانگەکانی رەخنەگرتن لە دەسەڵات و نەبوونی پێشڕەوێك بۆ جەماوەر بۆ گەیاندنی داخوازی و راستکردنەوەکانی حکومەت.

8- لاوازیی پەرلەمان لەم چوار ساڵەدا و موعتادبوونی بە بڕیارەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسییەوە.

9- ئاوسانی حکومەت بە (42)وەزارەت کە هەر شار و شارۆچکەیەك وەزیرێکی بەردەکەوێت، ئەمەش لە دونیای حکومەتداریدا مەخلوقێکی زۆر ناوازەیە.

10- تێکەڵ نەکردنی هەندێك لە وەزارەتە گرنگەکانی وەك دارایی و پێشمەرگە و ناوخۆ و ، لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێ ئەو حیزبانەی کە بەشداریی دەسەڵاتیان کردووە هۆکارێکی باش و چاوی راستەقینەی جەماور و راستکەرەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی دەسەڵات بن و لە نزیکەوە رۆڵی کارای خۆیان ببینن و ئاگایان لەوە بێت کە لە ئایندە و ئێستا و رابردووشدا ئەوان ئەرکی موعارەزەیان لە ئەستۆدایە، لە پەرلەمان و لە وەزارەتەکان و هەر پۆست و پێگەیەکی تری حکومیدا زۆر دڵسۆزانە و بوێرانە و ژیرانە بەشداری بکەن و بە رۆحێکی زاهیدانەوە لە پشت مێز و کورسی و ئۆتۆمبێلەوە کار بکەن و، راپەڕینێك دژ بە رۆتین و حیزبچێتی و خزم خزمێنە و خۆ بەگەورە زانین لە جەماوەر بەرپا بکەن.

حکومەت و سەرۆکی هەرێمیش دەبێت بە رۆحێکی تازەتر و نەفەسێکی خەمخۆرانەتر بنوارنە خەڵکی کوردستان و بە ئیرادەیەکی نوێبوونەوە لەدایکبوونەوەیەکی تری سیاسی تەماشا بکەن و بیر تەکسیی لایەن چییەتی لە کوردستاندا ریشەکەن بکەن و هەویەی کوردستانیبوون تاکە تەزکیە و تکاخواز و نازکێش بێت لە سەرجەم دەزگاکاندا.. ناکرێ وا حیساب بکرێ ئیتر نابێت

کەس ڕەخنە بگرێت و وا بزانین کۆرپەیەکی تازە لەدایك بووە و تا (15) ساڵی تر هیچ تاوانێکی نییە! نەخێر.. ترسناکترین حاڵەت ئەوەیە ڕۆحی موعارەزەبوون بکوژین و جەماوەر وەك سەماوەر خەفە بکەین.

کە ئەگەر حیزبی موعارەزەمان نەهێشت لە گۆڕەپاندا ئەوا جەماوەر خۆی عەسای موعارزەبوون هەڵدەگرێت و ئەوکات شەپۆلی جەماوەر بە هیچ کەس ناوەستێت، بەڵکو دەبوایە حکومەت حەزی لە ئاوازی جیاواز بوایە لە دەرەوەی دەسەڵاتدا، تا لە بەرامبەر ئەو ئاواز و ئاوێنەدا نارێکیی ئاواز و تێکچوون و شڵەژاوی سیمای خۆی چاك بکات و جاروباریش یەکێك بێت بێڵ و پاچی خزمەتکردنی لە دەست وەربگرێت و ئەویش لە ژێر ساباتی ڕەنجی خۆیدا وچانێك بدات بۆ خۆسازدانەوە بۆ خولێکی تر.. هیوادارم کە حکومەتی تازە وەگەڕکەوتوو خاکی دامەنی گشت کوردستان و ئاوی گەوهەر بێت بۆیان، وەك (مەحوی)ی شاعیر دەڵێت:

کە خاکی خاکی دامەن بە، وەگەرنە تۆزی بەر بادی
کە ئاوی ئاوی گەوهەر بە، وەگەر نە بڵقی سەر ئاوی